www.kurdistannet.org
4-2-2007 20:21 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕەشەبا عاجیباتەكەی كۆیە ... كارزان گلی



بەمناڵی یاری فرفرانێمان دەكرد، یەك دەیوت فری فری كێشكە فری و هەموو دەستمان بۆ ئاسمان درێژ دەكرد و دەمانكرد بەچەپڵە، جارێكیان من گوتم فری فری قالۆنچە فری و دەستمان بڵند كرد بۆ ئاسمان ئاگام لەخۆم نەبوو شەقە زلەیەكیان لەبنا گوێم سرەواند، گوتیان كەرە قالۆنچە چۆن دەفرێت. ئێستا لەدوای ڕەشەبایەكەی كۆیە ئەو كەسەم چنگ كەوێت كەوا ئەو شەقازلەیەی لەبنا گوێمدا، تۆڵەی خۆمی لێدەكەمەوە، چونكە بۆم دەركەوت نەك قالۆنچە كێڵە قەبریش دەفرێت.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، دەڵێن ڕەشەبایەك لەكۆیەی داوە هەرچی كۆشك و تەلاری بەرپرسان هەیە لەوشارەدا ڕوخاندویەتی، ئەو ڕەشەبایە ماڵی هەژاران و دەوڵەمەندەكانی بەیەكەوە ڕاپێچ كردووە و كارەبای هەموو گەڕەكەكانی كۆیەشی تێك داوە، لێ تەنها ماڵی قایمقام نەبێت هیچ زیانێكی پێنەگەیشتووە و لەخوا بەزیاد بێت كارەباكەشیان نەبڕیوە، هەیبەت سوڵتان بەو بەرزییەی خۆیەوە بەرگەی ئەو ڕەشەبایەی نەگرتووە و كەوتۆتە خوارەوە، هەرچی خانوو هەیە ڕوخاندویەتی، بەڵام لەخوا بەزیاد بێت لەگەڵ ئەوەی ڕشەبایەكە ئەوەندە بەهێز بووە و چەندین كۆشك و ماڵی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ كردووە زیانی گیانی لێنەكەوتۆتەوە. وەكو زانایان دەڵێن ئەمە یەكەمین جارە ڕەشەبای ئاوها بەهێز لەكوردستاندا ڕوویدات.

گڵكۆی شاعیری ناوداری گەلەكەمان و خاوەنی سرودی (ئەی ڕەقیب) دڵداری جوانەمەرگ لەگەڵ ئەو ڕەشەبایەدا دارماوە و هەر گڵكۆیەكی كەوتۆتە لایەكەوە، سوبحانە اللە ڕەشەبایەكە تەنها ئەو دێڕەی لەسەر گڵكۆیەكە نووسراوە (دینمانە ئاینمانە كوردستان) سڕیوەتەوە، تۆ بڵێی دڵدار هێندە كابرایەكی خوانەناس بێت لەو هەموو گۆڕەی كە لەكۆییدا هەیە ڕەشەبا تەنها گۆڕی ئەو جوانەمەرگە تێكبشكێنێت، یاخود دەترسێم ئەو ڕەشەبایە لێزەری پێبوبێت تەنها ئەو دێڕەی سڕیوەتەوە!! سەیرە.

ئەگەر ڕەشەباعەجایبەكەی كۆیە هێندە دادوەر بووبێت ماڵی هەژاران و دەوڵەمەندان بەیەكەوە وەكو كەشتییەكەی نوح خاپوور كردبێت، كەواتە عەدالەت تەنها لەڕەشەبا عاجیاتەكەی كۆیەدا هەیە.

مرۆڤ نابێت هیچ كاتێك گومان لەوە بكات كەوا سروشت هەر كاتێك لێمان توڕەبێت دەتوانێت هەرچی بوێت لەگەڵماندا بیكات و بەبێ ئەوەی پرسیشمان پێ بكات، بەبەرچاوی خۆشمان بینیومانە ڕۆژانە لەوڵاتانی دنیا كاتێك سروشت لێیان توڕە دەبێت چۆن ماڵەكانیان پێچۆڵ دەكات و ئاوارەی سەرجادەو كۆڵانەكانیان دەكات. لەوڵاتی خۆشمان لەو جۆرە شتانەمان بەسەر هاتووە و چەندین جار لافاو ماڵی پێچۆڵ كردوین و تەنانەت بەدەست نامرۆڤەكان و ئەوانەی بەمرۆڤیان نەدەزانین ئاوارە و كیمیایان بەسەردا كردوین و چەندین جاریش ئاوارەی وڵاتانی تر كراوین. بەڵام ئەو ڕشەبایەی ئەم جارەیان لەگەڵ ئەوانیتر جیاوازە، جیاوازییەكەش لەوەدایە:

1. تائێستا ڕەشەبای وا بەهێز لەكوردستاندا ڕووی نەداوە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێكی گیانی لێبكەوێتەوە. بۆیە گرنگە ئەو ڕەشەبایە تۆمار بكرێت لەمێژووی وڵاتەكەمان.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2. لەهەر ولاتێك كاتێك ڕەشەبایەکی بەهێز ڕوویان تێدەکات، یاخود لافاوێکی زۆر ڕوویان تێدەکات چەندین ماڵ و کۆشك و زیانی گیانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ڕەشەبایەکەی لای خۆمان نەزیانی مادی نەزیانی مەعنەوی نەبووە، تەنها گڵکۆیەك نەبێت بەڵام بڕوا بکەن ئەگەر ڕەشەبایەکە هەموو کۆیەی بردبایە خەڵکی ئەوەندەی داڕوخانی ئەو گڵکۆیە خەفەتی نەدەخوارد.

3. لەولاتانی دنیا ئەگەر هەر ڕەشەبایەکی بەهێز یاخود لافاوێکی زۆر ڕوویان تێبکات، دەزگا ڕاگەیاندنەکان دنیات لێپڕ دەکەن بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت قەرەبووی زیانلێکەوتوان بکاتەوە، بەڵام ڕەشەبایەکەی کۆیە ڕاگەیاندن هەر نەشیزانی جا نازانم کاتەکە ناسکە نابێت باسی بکەین یان شتێکی تر ئەوە حکومەت لێی بەرپرسیارە و من هیچی لێ نازانم، تەنها ئەوەندە نەبێت لەگەڵ ئەوەی ڕەشەبایەکە زۆر بەهێز بووە بەڵام هیچ زیانێکی نەبووە بۆیە پێویست ناکات باسی بکەین.

بڕوا بکەن من تا ئێستاش سەرم لەو ڕەشەبایە دەرناچێت ئاخر لەلایەك شارەوانی دەڵێت ئێمە پێشتر لەبەرنامەمان دابووە گڵکۆی شاعیری ناودار نۆژەن بکەینەوە و خۆمان هەڵمان کەندووە، لەلایەك قایمقامی کۆیە دەڵێت ڕەشەبا ئەو گڵکۆیەی ڕوخاندووە، هەروەها جەنابی قایمقام لەلێدوانەکانیدا گوتی: ئێمە 2000 دۆلارمان بۆ نۆژەن کردنەوەی گڵکۆی دڵدار تەرخان کردووە کەچی هەر لەهەمان لێدوان دەڵێت پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ نۆژەن کردنەوەی ئەو گڵکۆیە، باشە ئەگەر ئێوە پێشتر پارەتان بۆ تەرخان کردووە بۆچی داوا لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەن بودجەی تایبەتتان بۆ تەرخان بکات، جا تخوا خەڵکینە ئێوەش بن لەجێگەی من سەرتان لێ ناشێویت و گومانتان لەلا دروست نابێت. من لەخوا دەپاڕێمەوە ڕەشەبا ئەو گڵکۆیەی ڕماندبێت و دەستی هیچ ناحەزێکی تێدا نەبێت، وەلێ ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو ئەوا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوونێکی چڕ بکات و تاوانباران بەزووترین کات بدرێنە دادگا بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت بۆ هەموو خەڵکی کە چیتر دەست لەسومبلە پیرۆزەکانی گەلەکەمان وەرنەدەن، ئەوانەشی لەسەر ئەوەی کەوا دڵدار لەشیعرە نیشتیمانییەکەیدا فەرمویەتی (دینمانە ئاینمانە کوردستان) قەرس دەبن، دەبێت زۆر چاك بزانن دڵدار و هەموو نەتەوەی کورد زۆر لەوان موسڵمانترە و بڕوای تەواوی بەئیسلام هەیە ئەگەر وا نەبوایە دەڵدار هەرگیز ناوی دینی نەدەخستە ناو دێڕە شیعرەکەیەوە.

من وای بۆ دەچم بۆ ساڵی داهاتوو ڕەشەبا عاجیباتەکەی کۆیە ناوی بچێتە ناو کتێبی (گێنسەوە) .
پیرۆزە لەکورد بۆ ئەم دەسکەوتە مەزنەی.

Karzan_ma82@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.